Mamosta Journal for Pedagogical Sciences and Teacher Education (MamostaJ)
DOI: https://doi.org/10.21271/mj.1.1.7

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Kawa.mardan@su.edu.krd
Kawa Ali Mardan

# ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیدا (٢٠٢٠ _ ٢٠٢٣)

RECEIVED:11 /06/2025
ACCEPTED:16/07/2025
PUBLISHED:25/09/2025

**کاوە عەلی مەردان**/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**وشە سەرەکییەکان:**
توێژەر،
توێژینەوە،
ماستەرنامە،
ڕەگەزی توێژینەوە،
پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەگەزی توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیدا (٢٠٢٠ _ ٢٠٢٣)ی زانکۆی سەلاحەددینە، تێیدا کار لەسەر یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و پێویستەکانی توێژینەوەی زانستی کراوە، گرنگی و بایەخی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوخراوە، ئەم کارە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر ڕەگەزەکە و بەدیارخستنی ڕۆڵی لەنێو توێژینەوە زانستییەکاندا، کە بۆچی دەبێت ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو توێژینەوەدا بوونی هەبێت و کاری لەسەر بکرێت؟ هەروەها بەدیارخستنی لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیی سنووری توێژینەوەکەمان؛ ئەمەش بۆ ئەوەی بزانرێت، تا چ ئاستێک ڕەگەزەکە لەنێو ماستەرنامەکاندا ئامادەی هەیە، گەر ئامادەیی هەیە چۆن و بە چ شێوازێک ئامادەبوونەکە کاری لەسەر کراوە، ئایا لە نووسینی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو توێژەران پشتیان بە ڕێکارەزانستییەکان بەستووە؟ یاخود تەنها توێژینەوەکانی پێش خۆیان وەرگرتوون و خستوویانەڕوو؟ لە توێژینەوەکەماندا سوود لە میتۆدی (شیکاریی – لێکدانەوەیی) بینراوە ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕێکار و بنەما چەسپاوەکانی توێژینەوەی زانستی. لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا چەندین ئەنجام بەدەست هاتوون، لەوانە: لە ئەنجامی ئەم توێژنەوەیەدا گرنگی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو توێژینەوە زانستییەکان (ماستەرنامە ، تێزی دکتۆرا) خراوەتەڕوو، لە کۆی ئەو چەند نامەیەی کارمان لەسەر کردوون تەنها لە حەوت نامەدا ڕەگەزەکە ئامادەیی هەیە و لەو حەوت نامەیەش تەنها یەک ماستەرنامە بەبێ ناونیشان و لەدوای پێشەکی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی خستووەتەڕوو، هەروەها لەکۆی ئەو (٢٠) ماستەرنامەیەی کارمان لەسەرکردوون، (١٣) ماستەرنامە بە ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو ئامادەیی نییە و باسنەکراوە. بەگشتی وادەبینرێت لەنێو ماستەرنامەکاندا بەشێوەیەکی زانستیی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو پراکتیزە نەکرابێت.

**پێشەکی:**

لەم توێژینەوەیەدا (ڕەگەزەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو) بە ئامانجگیراوە، چوارچێوەی ئەم کارەش ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین لەنێوان سالانی (٢٠٢٠ _٢٠٢٣)ە، تێیدا کار لەسەر ڕەگەزەکە لەنێو ماستەرنامەکاندا کراوە و بەوردی تیشک خراوەتە سەر ئامادەبوون و نەبوونی ڕەگەزەکە، هەروەها چۆنییەتی ئامادەبوونی ڕەگەزەکە بە پێوەری زانستیی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، لەو نێوەندەشدا پەنجە خراوەتەسەر ئەو کەموکوڕی و کێماسیانەی لەبارەی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرمانە (نامە ئەکادیمییەکاندا) بەرچاوکەوتوون، ئەمەش لەپێناو بە زانستیکردن و ڕێکخستن و پێشخستنی شێوازی نووسینی ئەکادیمی لەنێو توێژینەوە ئەدەبییەکانی بەشە کوردییەکاندا. هەموو ئەو ماستەرنامە ئەکادیمییانەی لە سنووری توێژینەوەکە دان بەوردی بەدواداچوون و خوێندنەوە بۆ ڕەگەزەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان کراوە، دیارە ئەم کارەش بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستیی ئەنجامدراوە، تێیدا هەوڵدراوە شرۆڤە و هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی زانستیی بەتایبەت بۆ ئەو ماستەرنامانە ئەنجامبدرێت، کە ڕەگەزەکە تێیاندا ئامادەیی هەیە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە: ئەم توێژینەوەیەی ئێمە ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆناگرێت، کە خودی ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکەمانی لەسەر بونیادنراوە، چونکە هێندەی ئێمە ئاگاداربین و بزانین توێژینەوەیەکی ئەکادیمی، کە تایبەت کرابێت بە ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، بەزمانی کوردی لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان بڵاوکرابێتەوە بەردەست نییە.

### ١-١- ناونیشان و بواری توێژینەوە

ناونیشانی توێژینەوە (ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبدا (٢٠٢٠ - ٢٠٢٣)ی زانکۆی سەلاحەددینە توێژینەوەکە شیکارییەکی زانستی بۆ ڕەگەزی (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو) لە چوارچێوەی ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردی کردووە، هاوکات لەمیانیدا پشتی بە سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر بەستووە، بۆ ئەوەی بە ئەنجامی ڕاست و دروست بگات.

### ١-٢- گرفتی توێژینەوە

چۆنییەتی ئامادەبوونی (ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو)، وەکو بنەمایەکی توێژینەوەی زانستیی لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیی لە سنووری دیاریکراوی توێژینەوەکە. ئەمەش بە مەبەستی بەدەست هێنانی وەڵامی ئەم پرسیارە: توێژەرانی ئەم ماستەرنامانە تاچ ڕادەیەک بە شێوەیەکی زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەگەزی (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو)دا کردووە؟

### ١-٣- گرنگی توێژینەوە

ئەوەی زیاتر گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات، بریتییە لە بە زانستیکردنی کردەی توێژینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیدا، لەو نێوەندەشدا سەرنج خستنەسەر (ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو) و بەدیارخستنی ڕۆڵ و گرنگی ئەو ڕەگەزە لەنێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا، بۆ ئەوەی کردەی توێژینەوە بەپێی شەنگستە زانستییەکان هەنگاو بنێت و شوێنپێی ڕێکارەکانی ڕێبازی توێژینەوەی زانستیی هەڵبگرێت.

### ١-٤- ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە بە دیارخستنی سوود و کاریگەریی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بەگشتی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکە لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردی قۆناغی دیاریکراوی توێژینەوەکەیە.

### ١-٥- میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوە لەم توێژینەوەوەیەدا سوود لە میتۆدی (شیکاریی _ لێکدانەوەیی) بینراوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە بنەما چەسپاوەکانی توێژینەوەی زانستیی.

**١-٦- سنووری توێژینەوە**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بەجۆرێکە لە ڕووی بابەتەوە سنووری کارکردنی لە چوارچێوەی ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردییە، بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی بیست ماستەرنامە لە ئەدەبی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین وەرگیراون، لەڕووی کاتەوە ماستەرنامەکان لەنێوان ساڵانی (٢٠٢٠ - ٢٠٢٣)دا وەرگیراون و کاریان لەسەرکراوە.

**١-٧- پێکهاتەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش و ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، ڕاسپاردە و پێشنیازەکان، لەگەڵ پوختە بە هەر سێ زمانەکانی (کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی) پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە و لە پێنج تەوەر پێکهاتووە: بە جۆرێک تەوەری یەکەم چەمکی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، تەوەری دووەم گرنگی و بایەخی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، تەوەری سێیەم پۆلبەندی کردنی توێژینەوەکانی پێشوو، تەوەری چوارەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو، تەوەری پێنجەم هەنگاوەکانی نووسین و خستنەڕووی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، هەرچی بەشی دووەمە پراکتیکییە و لە سێ تەوەر پێکهاتووە بەم شێوەیە: تەوەری یەکەم خستنەڕووی ماستەرنامەکان، تەوەری دووەم ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان خستۆتەڕوو، تەوەری سێیەم ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان نەخستۆتەڕوو.

**١-١: چەمکی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو**

هەموو ئەو نووسین و توێژینەوانەی وەکو دەستپێک لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتنەئاراوە، بەرهەمی هەوڵ و هۆشیاری و پەیبردنی مرۆڤ بە زانست و زانیارییەکان بووە، ئاشکرایە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی چالاک و زیندوو هەر لە سەرەتاکانی تەمەنی منداڵی خۆیدا دەستەنەوەستراوە و دەیەوێت ئەو کەرەستانەی لە دەورووبەریدا هەن بزانێت چییە و چیان تێدایە! ئەم بوونەرە هۆشیارە بەردەوام لە بیرکردنەوە و تێروانین و ڕامانی قووڵدایە بۆ زانینی نهێنی و شتە شاراوەکانی سروشت و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت. زۆر لەمێژە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاریی هەوڵی داوەو بەردەوام لەو پێناوەدا کۆشاوە، چ لە ژینگەکەی خۆی و تەنانەت پەلیهاوێشتووە بۆ گەردوون و دەرەوەی سنووری ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت. بێگومان هەوڵەکان لە سەرەتادا سادە بوونە و لە شتی زۆر سەرەتاییەوە دەستیان پێکردووە، لە ئەنجامی گەڕان و وردبوونەوە و قووڵبوونەوە و ڕۆچوون بەنێو کایە جیاجیاکانی ژیان پێبەپێ هەنگاوەکانیان فراوانتر کردووە، بەردەوام لە هەوڵدابوونە بۆ دەستخستن زانیاریی و دۆزینەوەی نهێنییەکان. دیارە ئەم کارانەش بە سروشت و بیرکردنەوەی خودی مرۆڤەوە پەیوەستن، کە حەزی فێربوونی شتەشاراوەکانی هەیە. لەم ڕێگەیەوە توانیویانە توێژینەوەی بەرایی ئەنجامبدەن و دواتر پەرەیانپێبدەن و سوود لە کارە سەرەتاییەکانی خۆیان وەربگرن، پاشان پتر بەرەوپێشی ببەن. هەڵبەتە ئەمانەش پاڵنەر و حەزی فێربوون بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی سروشت لەتەک پێویستییەکانی ژیان هۆکاربووە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان و کۆششکردنی بەردەوام، تاکو گەیشتن بە زانیارییەکان کۆڵنەدەن و بەردەوامبن. لێرەوە دەتوانرێت بایەخ و گرنگی ئەو توێژینەوە و زانیاری و بەدەستهاتوانەی پێشتر لە هەر بوار و بۆ هەر مەبەستێک ئەنجامدراون بەدیار بخرێن، کە چەندە بەسوود بوونە بۆ ئەو توێژەرانەی لەپاش ئەوان هاتوون و سوودیان لە کارەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە و زیاتر بەرەوپێشیان بردوون، بەم پێیەش توێژینەوەکانی پێشوو ماددە و کەرەستەی زانیارین بۆ ئەو توێژەرانەی دواتر دێن و توێژینەوە لە بوارێکی تایبەتدا دەکەن، ئاشکرایە توێژینەوەکانی پێشوو مەبەست لێیی ئەوەیە "توێژەرێک توێژینەوەی زانستی ئەنجامداوە لەسەر ئەو کێشە و بابەتەی پسپۆرێتییەکە خۆی و بڕیارە توێژینەوەی ئێستا بە چەشنێکی دیکە و ڕێباز و ڕێکاری جیاوازتر توێژینەوەی زانستی ئەنجامبدات". (ڕەشید و ئەحمەد، ٢٠٢٤: ٤٠٧)، کەواتە توێژینەوەکانی پێشوو زانست و زانیاریی بە توێژەرانی دوای خۆیان دەبەخشن، ئەو کار و ئەرکانەن، کە پێشتر لەلایەن توێژەرانی دیکە وە ئەنجامدراون، وەکو کەرەستەی زانیاریی لەبەردەستدان، توێژەرانیش بەپێی نزیکی لەبواری بابەتەکەی خۆیاندا دەتوان دەستیان بۆ ببەن و بیانهێننە نێو کایەی توێژینەوەکان و زانیاریان لێوەربگرن و کاریان لەسەر بکەن. بەم کارەش دەتوانن لە زۆربەی ڕەهەندەکەناوە کەڵک لە ئەو توێژینەوانەی

نزیکن لە بابەتی توێژینەوەکەی خۆیان وەربگرن و جارێکیتر لە سوود و بەرژەوەندی بواری کارەکە یان بەکاریان بهێننەوە.

**١-٢: پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو وەک پێناسە**

بۆ ناساندنی وردتری ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکرێت بگوترێت:(پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بە شێوەیەکی ئاسایی پێداچوونەوەیە بە ئەو توێژینەوانەی، کە لە بابەتی توێژینەوەی هەڵبژێردراو نزیکن، ئەمەش ڕەگەزێکی گرنگ لە توێژینەوەکاندا پێکدەهێنێت، کە ... مەبەست لێی دابینکردنی پاشخانی زانیارییە) (Ridley, 2012: 4)، لەم پێناسەیەدا ئاماژەی ڕوون هەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو پاشخانی زانیاری بە توێژەران دەبەخشن، توێژەران دەتوانن لەڕێگەی کردەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێش خۆیان زانیاری ورد و پێویست بەدەستبهێنن، هەروەها (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو ڕەگەزێکی گرنگە لەنێو هەموو توێژینەوەکاندا، کاتێک لەسەر بابەتێک یان ... پرسێک، کە جێگەی سەرنجمانە، دەنووسین دەبێت زیاتری لەبارەوە بخوێنینەوە) (Bryman,2012: 8). ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە بەپێی بابەتەکە دەبێت دەست بۆ ئەو توێژینەوانە ببرێت پەیوەستن بە پرۆژەی توێژینەوەکە و توێژەر بەوردی بەدوای زانیاری بگەڕێت و زۆرترینی لەبارەوە بخوێنێتەوە. یاخود ئەم ڕەگەزەی توێژینەوە (بریتییە لە پوختەیەکی بابەتیانە و شیکارییەکی ورد و ڕەخنەگرانە بۆ ئەو بابەتانەی، کە پەیوەستن بە توێژینەوەی مەبەست) (Ramdhani, 2014: 48). دەکرێت بگوترێت ئەم پێناسەیە تاڕادەیەک جیاواز لەوانیتر خراوەتەڕوو، بەجۆرێک ئاماژەی بۆ شرۆڤەی ورد و ڕەخنەگرانە کردووە، توێژەر بەتەنها زانیاری لەو توێژینەوانەی پێشوو وەرناگرێت، بەڵکو هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکات، پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و سەرنجەکانی بابەتییانە لەسەر هەر بڕگەیەک لەو بڕگانەی وەریگرتوون و کاری لەسەر کردوون دەخاتەڕوو. لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پێناسانەی سەرەوە و سەرچاوەگەلی دیکە تایبەت بە بوارەکە دەکرێت بەم شێوەیەش پێناسەی ئەم ڕەگەزەی توێژینەوەی زانستیی بکرێت، کە بریتییە لە: گەڕان و کۆکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون و نزیکن لە بابەتی توێژینەوەی هەڵبژێردراو و لێکجیاکردنەوە و پۆلێنکردنیان، پاشان خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنیان، بە مەبەستی سوودوەرگرتن و دۆزینەوەی بۆشایی زانستیی نێو توێژینەوەکان. ئەمەش بەو مانایە دێت توێژینەوەکانی پێشوو خوێندنەوەی ورد و قووڵیان پێویستە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنیان دەوێت، بۆ ئەوەی توێژەر سوودیان لێوەر بگرێت، هاوکات کەلێن و بۆشایی زانستیی بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییە باوەڕپێکراوەکان بدۆزێتەوە و دەستنیشانیان بکات، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ببێت بە نەریتێک توێژەرانی دیکەش، کە دواتر دێن بەهەمانشێوە بگەڕێن بەدوای بۆشاییە زانستییەکان و ئاماژەیان پێبکەن.

**١-٣: گرنگی و بایەخی توێژینەوەکانی پێشوو**

بوونی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو کردەی توێژینەوەکاندا، بە گرنگییەکی زۆرەوە لێی دەڕوانرێت، چونکە خاڵی دەستپێک و دەرگای چوونەژوورەوە بەڕووی توێژەراندا دەکاتەوە، یان ئەو بناغە بنەڕەتییەیە بۆ بونیادنانی توێژینەوەکان پشتی پێدەبەسترێت. لە ڕێگەی توێژینەوەکانی پێشووەوە توێژەر بەرچاوڕوونی تەواوی لەلادا دروست دەبێت و لە سوودی بواری توێژینەوەکەی خۆی بەکاریدەهێنێت، (ڕەچاوکردنی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بۆ هەموو بوار و پرۆژەکانی توێژینەوە گرنگە، بۆ ئەمەش توێژەر بە خوێندنەوە و وەسفکردنی توێژینەوەکانی پێشوو دەستپێدەکات) (Snyder, 2019: 334). هەڵبەتە ئەم خوێندنەوەی پێداچوونەوە بە کاری توێژەرانی پێشووی پەیوەست بابەتی توێژینەوەی هەڵبژێردراو ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت گرنگی و سوودی ئەم ڕەگەزەی توێژینەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕبکرێنەوە:

- پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتی توێژەر دەدات، کە تێڕوانینێکی گشتی بابەتەکە و بەرچاوڕوونی زیاتر لەلادا دروست دەبێت.

- یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی توێژەر ئەو هەڵانە دووبارەنەکاتەوە، کە توێژەرانی پێشتر بەسەریاندا تێپەڕیوە و درکیان پێنەکردوون ( Wee & Banister :2015, 28).
- پێداچوونەوەی بە توێژینەوەکان، توێژەر ناچاردەکات، خۆی بە زۆرترین زانیاری پەیوەست بە بابەتی هەڵبژێردراو پڕچەک بکات، ئەمەش هەم یارمەتیدەر دەبێت لە پرۆسەی فێربوون، هەمیش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزکردنی لایەنی زانستیی لە توێژینەوەکەیدا.
- پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو ئەوە دەردەخات، کە توێژەر تێگەیشتنی وردی بۆ بابەتەکەی خۆی هەیە و لە کۆششی بەردەوامدابووە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئەو زانست و زانیاریانەی بە بابەتەکەیەوە پەیوەستن. ( Denney &Tewksbury, 2013: 219_220).
- لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە توێژینەوکانی پێشوو توێژەری ئەکادیمی خۆی بە دووردەگرێت لە زانیاری دووبارە، بەوپێیەی ئاگای لە توێژینەوەکانی پێشووتر هەیە و هەوڵدەدات زانیاریی تازە بخاتە نێو مەعریفەی گشتییەوە. (زروالي، ٢٠٢٣: ٥٨).
- لە پرۆسەی پێداچوونەوە و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوودا، توێژەر شارەزایی لە چۆنییەتی بەکارهێنان و پیادەکردنی مێتۆدە جیاوازەکانی توێژینەوەی بۆ دروست دەبێت، ئەمەش سوودی بۆ توێژینەوەکەی خۆی دەبێت (Aliotta, 2018: 32).
- لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا، هاوکات ئاماژەدان بە زانیارییەکان، بواری دزی زانستیی (دزی ئەدەبی) کەمدەکاتەوە و ڕێگردەبێت لەوەی توێژەر بە نادروستی دەست بۆ بەرهەمی کەسانی دیکە ببات و ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی نەکات، چونکە بەشێک لەو زانیارییانە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەنێو توێژینەوەکەیدا هەن و کاری لەسەرکردوون (Lim, and etal, 2022: 486).
- دۆزینەوەی بۆشایی مەعریفی یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی ئەو لایەنانەی سەرنجی توێژەرانی پێشوویان ڕاکێشاوە و بەم شێوەیە وای لێدەکات سەرنج بخاتە سەر لایەنەکانی دیکە، کە وەک پێویست گرنگییان پێنەدراوە (توفيق، ٢٠٢١: ٣٣٧).

**٢-٤: پۆلبەندیکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

دوای ئەوەی توێژەر دەستی بە توێژینەوەکانی پێشوو دەگات و کۆیاندەکاتەوە هەوڵدەدات پێداچوونەوەیان بۆ بکات، بۆ ئەمەش پێویستە لەجیاکردنەوە و پۆلینکردندا پێڕەوی بنەما و ڕێکاری زانستیی بکات، تاوەکو بتوانێ بابەتییانە، ئەو توێژینەوانە بهێنێتە بەرباس و بەپێی پێویستی لەنێو توێژینەوەکەییدا بیانخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پۆلینکردن بەپێی کات:

توێژەر بۆ ڕێکخستن و پۆلینکردنی توێژینەوەکانی پێشوو لە ڕووی کات و سەردەمەوە، پەنا دەباتەبەر مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوانەی، کە لە ڕووی زانستیی و بابەتییەوە پەیوەستیان لەگەڵ توێژینەوەکەیدا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو توێژینەوانە لەیەکدی جیابکاتەوە و بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیان ڕیزبەندییان بۆ بکات (مليكة، ٢٠٢٢: ١٣).

٢. پۆلینکردن بەپێی شوێنی جوگرافی:

یەکێکی دی لەو ڕێگایانەی توێژەر پەیڕەوی لێدەکات، پۆلینکردنە بەپێی ئەو ناوچە جوگرافییەی، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە، جا شوێنەکە ناوخۆیی یان دەرەکی بێت، هەندێکجار توێژەر بەمەبەست توێژینەوە ناوچە و کلتووری جیاواز وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو بابەتەی بۆ توێژینەوە هەڵبژاردووە لە دەرەوەی کلتووری زمان و ناوچە، کەی خۆی چۆن و بە چ شێوازێک توێژینەوەی لەسەرکراوە و بەچ ئەنجامێک گەیشتووە (يحياوي، ٢٠٢١: ٣٣٤).

٣. پۆلینکردن بەپێی مێتۆدی توێژینەوە:

یەکێک لەو ڕێگایانە مێتۆدی توێژینەوەیە، واتە توێژەر بۆ ئەوەی سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت، هەوڵدەدات پۆلینکردنەکە بەپێی سروشتی ئەو مێتۆدەی، کە توێژینەوەکانی پێشووی پێ ئەنجامدراون وەربگرێت و بیانخاتەڕوو. (مليكة، ٢٠٢٢: ١٣).

٤. پۆلینکردن بەپێی گرنگی لە بابەتی توێژینەوە:

توێژەر لە پۆلینکردن و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوودا، هەوڵدەدات لە گرنگترین ئەو توێژینەوانە دەستپێبکات، کە لە بابەت و توێژینەوەکەییدا نزیکن، پاشان ئەو توێژینەوانەی کەمتر بایەخدارن بۆ توێژینەوەکەی، چونکە هەموو توێژینەوەیەک بۆ پێداچوونەوە پێویست نییە، بەڵکو ئەو توێژینەوانە وەردەگیرێن لە بابەتە سەرەکییەکانی توێژینەوەی هەڵبژێردراو نزیکن و ڕۆڵ و گرنگی خۆیان بۆ توێژینەوە هەیە (یحیاوي، ٢٠٢١: ٣٣٤).

**٢-٥: خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوو**

یەکێک لەو کارە گرنگ و پێویستانەی لە کردەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا ئەنجام دەدرێت، خوێندنەوەی ورد و هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی ئەو توێژینەوانەیە، کە پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەی هەڵبژێردراو، لەم برگەیەی توێژینەوەدا پێویستە توێژەر خوێندنەوەی ورد و قووڵی ئەو توێژینەوانە بکات و ( توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێت، نەک تەنها زانیارییەکان بگوازێتەوە، بەڵکو توانای دۆزینەوەی خاڵی بەهێز و لاوازی هەبێت) (DEWIN 2023: 42). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت دەبێت توێژەر وردبێت لە خوێندنەوە و پشوودرێژ بێت لە بەدواچووندا، هەروەها کارامەیی ئەوەی هەبێت کەلێنە زانستییەکانی نێو توێژینەوەکان بدۆزێتەوە و دەستنیشانیان بکات، هاوکات توانستێکی باشی لە لێکدانەوە و دۆزینەوەی خاڵە بەهێزەکان و جیاکردنەوەیان لە خاڵە لاوازەکان هەبێت، بۆ ئەوەی پەی بە کێماسییەکان ببات، بە جۆرێک سەرنج و ڕەخنەکانی لەسەر لایەنی تیۆری و میتۆدەجیاوازەکان و ناوەرۆکی توێژینەوەکان بخاتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە بەشێوەیەکی فراوان ئاگاداری ئەو کارانەیە پێش خۆی ئەنجامدراون، لێرەدا توێژەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ توێژینەوەکان دەکات و کەلێنە زانستییەکان دەدۆزێتەوە، دەبێت بیسەلمێنێت، کە ئەو توێژینەوانە لە چ شوێنێکدا ئامانجەکانیان نەپێکاوە یان بەشێوەیەکی بابەتی و زانستیی توێژینەوەیان ئەنجامنەداوە. لەم چوارچێوەیەدا پێویستە (توێژەر ڕەخنە و سەرنجەکانی زانستیی و متمانەپێکراو بێت، بۆ ئەمەش دەبێت شارەزاییەکی باشی لەسەر ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستیدا هەبێت) (جليل و باسط، ٢٠٢٢ : ١١١). ئاگایی و شارەزایی لە ڕێباز و متۆدەکانی توێژینەوەی زانستیی یارمەتیدەرێکی باشە، توێژەر بەهۆیەوە دەتوانێت هەڵە و کێماسی لە زانیاری ئەو توێژینەوانەی پێشوو بدۆزێتەوە و بە شێوەیەکی بابەتی و زانستیی و بە پشت بەستن بە لۆجیک ڕاستییەکان بخاتەڕوو. کەواتە لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا نابێت هاوشێوەی بیبلیۆگرافی توێژەر وەسفی بابەتەوەرگیراوەکانی نێو توێژینەوە یەک لەدوای یەک بیانخاتەڕوو، چونکە ئامانج لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو تەنها ناساندن و خستنەڕوو نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ورد و ڕەخنەگرانە و بوونی کارامەییە لە دۆزینەوەی بۆشاییە زانستییەکان، ئەمانەش بە تێکڕا نەک هەر زانیاری زیاتر بە خوێنەر دەبەخشن، بەڵکو ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر دەکەن و توانای دۆزینەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیشی بۆ زانست و زانیارییەکان پەرەپێدەدەن.

**٢-٦: هەنگاوەکانی نووسین و خستنەڕووی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژینەوەکانی پێشوو وەکو کەرەستەی توێژینەوەن لە نووسین و خستنەڕووی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەروەک لە بەشە تیۆرییەکەدا بە چەند هەنگاوێک کارەکە ئەنجامدەدرێت، لەم ڕێگەیەوە هەموو ئەو توێژینەوانەی پێشتر وەرگیراون و بژارکراون بە مەبەستی پێداچوونەوە پۆلیندەکرێن بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی، کە توێژەر بەر لە دەستپێکردن هەڵیبژاردووە، هەڵبەتە ئەو هەنگاوانەی لە چوارچێوەی ڕەگەزەکەدا دەگیرێنەبەر بەپێی جۆر و سروشتی بوار و بابەتەکانی توێژینەوە لە یەکدی جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ هەنگاوەکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەم چەند خاڵەدا چڕبکرێنەوە:

**یەکەم: گەڕان بەدوای توێژینەوەکان**

تویژەر بە پشتبەستن بە ناونیشانی توێژینەوە و لە ڕێگەی گرفت یان پرسیاری توێژینەوەکەی دەست بە گەڕان دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو وشە سەرەکییانەی بەشدارن لە دارشتن و پێکهاتەی ناونیشانی توێژینەوەکە، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەگونجێت وەک نموونە بۆ وشەسەرەکییەکان دەسنیشان بکەین وەکو: (ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیدا

(٢٠٢٠_ ٢٠٢٣) بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت ئەم وشانە بە وشەی سەرەکی دەستنیشان بکرێن (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو) و لەڕێگەی ئەم وشانەوە توێژەر دەتوانێت کردەی گەڕانەکە دەستپێبکات، بۆ ئەوەی ناونیشانی نزیک لە بابەتە کەی بدۆزێتەوە (Ramdhani and other, 2014: 50). ئەم کارەش سەرەتا لەڕێگەی دونیای ئینتەرنێت و ئەو پێگە ئەلیکترۆنیانەی تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ئەکادیمیی دەکرێت، وەکو:

- گۆگڵ سکولەر (google scholar)، کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکان.
- جەی ستۆر (Jestor)، ئەمەش پێگەیەکی گرنگ و فراوانە، بەزۆری توێژینەوە کۆنەکانی تێدا دەست دەکەوێت.
- پرۆجێکت میوس (Project muse) تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە ئەکادیمییانەی پەیوەستن بە بابەتە مرۆڤایەتییەکان، کە ئەمەیان زیاتر بۆ گەڕان بەدوای توێژینەوە ئەدەبییەکان گونجاوە، لێرەوە ئاسانتر بەدەست دەگەن.
- ئیسپێکت (Espect) ئەمەشیان تایبەتە بە ئەو بابەتە ئەکادیمییانەی لە کایەکانی فیزیا، ئەندازیاری و کۆمپیوتەر و ...هتد بڵاودەکرێنەوە.

گەڕان لەنێو کتێبخانەکان، بە تایبەت کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ و کۆلیژەکان، چونکە ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا و توێژینەوە ئەکادیمییەکانی گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکان لەوێدا بەردەستن. ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە: لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکانی پێشوو تەنها ئەو توێژینەوە ئەکادیمییانە وەردەگیرێن، کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان چاپ و بڵاوکراونەتەوە وەکو: (ماستەر نامە و تێزی دکتۆرا و توێژینەوەی گۆڤارە زانستییەکان).

**دووەم: هەڵسەنگاندن و بژاردەکردنی توێژینەوەکان:**

توێژینەوە و سەرچاوەکان بەپێی بابەتە جۆراوجۆرەکان زۆرن، توێژەر پێویستە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکات و ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە و وردبێتەوە، کە پێویستی پێیان هەیە، نەک تەواوی توێژینەوەکان بخوێنێتەوە و کاتێکی زۆری لەدەست بڕوات، بۆ ئەم کارە دەکرێت لە چەمکە سەرەکییەکان و میتۆد و ئەنجامی توێژینەوەکان دەستپێبکات، هاوکات توێژەر دەبێت دڵنیابێت لە ئاست و پێگەی توێژینەوەکان ئەویش پێگەی زانستیی گۆڤارەکە و ژمارەی بەکارهێنەرانی لەڕێگەی (citation)ی توێژینەوەکە دیاریکراوە (عەزیز و سلێمان، ٢٠٢٤: ٢٢٩).

**سێیەم: دەستنیشانکردن:**

لەم هەنگاوەدا ناوەڕۆکی توێژینەوەکان دیاریدەکرێن، پێویستە توێژەر بزانێت بابەتی توێژینەوەکەی چییە و بۆ چ مەبەستێک پێداچوونەوە ئەنجامدەدات، توێژینەوەی هەڵبژێردراو بابەتێکی تەسک بێت و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە گرنگ و پیویستەکان هەبێت، بۆیە پێویستدەکات توێژەر بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەدا بکات و بەوردی خوێندنەوەیان بۆ بکات و کەرەستە و ئامرازەکانی توێژینەوەکەی خۆی بزانێت (حەسەن، ٢٠٢٠: ١١٥).

**چوارەم: ڕێکخستن و نوسینی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو**

ڕێکخستن و نووسینی پرۆسەی (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو هەنگاوێکی گرنگە، چونکە توێژەر لە کۆی ئەو کارانەی لە چوارچێوەی ئەم برگەیەدا ئەنجامی دەدات، ئامانجی ئەوەیە خوێنەران و هەڵسەنگێنەران بە شێواز و نووسینی پێداچوونەوە بە توێژینەوکانی پێشوو ئاشنا بکات) (Ramdhani and other, 2014: 53). توێژەر لەم هەنگاوەدا هەوڵدەدات ڕێکخستنێکی گشتگیر بۆ هەموو ئەو توێژینەوانە بکات، کە وەریگرتوون و کاری لەسەر کردوون، ئەمەش لە ڕێگەی ریکخستن لە گرینگترین توێژینەوە بۆ ئەوانیتر یان بەپێی مێژوو لە نوێترینەوە بۆ کۆنترین و بەپێچەوانەشەوە، هەروەها بەپێی ئەو ڕێبازەی توێژینەوەکان پیادەیانکردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان ڕیکدەخرێن.

**پێنجەم: پێکهاتە و نووسین:**

توێژەر لێرەدا دەبێت هەنگاوەکانی نووسین و ڕاپۆرتکردنی کارەکەی بکات، ئەمەش بە هۆی گەڕان و پێداچوونەوە و شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندنی لەسەر ئەو توێژینەوانەی وەرگرتوون بنووسێت (Xiao Watson, 2017: 16). ئاشکرایە لەم بڕگەیەدا توێژەر بە سێ ڕێگە پێکهاتەی هەنگاوەکە دەخاتەڕوو، هەریەک لەو ڕێگەیانەش بریتیین لە:

- **پێشەکی:** لەم بڕگەیەدا توێژەر بەوردی ئامانج لە کۆکردنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو دەخاتەڕوو.
- **ناوەڕۆک:** لێرەدا شرۆڤە و شیکاری بۆ توێژینەوەکانی پیشوو دەخرێتەڕوو.
- **ئەنجامەکان:** لەم بڕگەیەدا توێژەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکان لەگەڵ یەکدیدا بەراورد دەکات، بۆ ئەوەی جیاوازی و هاوئەنجامی لەنێوانیاندا بدۆزێتەوە، هەروەها ئەنجامی ئەو توێژینەوانەش دەهێنێت و لەگەڵ توێژینەوەکەی خۆیدا دیسان بەراوردییان دەکات، بۆ ئەوەی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دیار بکات. توێژەر لەم بڕگەیەدا دەرفەتی ئەوەشی هەیە سەرنجە ڕەخنەییەکانی بخاتەڕوو، ئەمەش لەڕێگەی ئەو بەراوردارییەی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکان دەیکات (عەزیز و سلێمان، ٢٠٢٤: ٢٣١-٢٣٢).

**٢-١: خستنەڕووی ماستەرنامەکان**

لێرەدا ئەو ماستەرنامانەی لە سنووری توێژینەوەکەماندا کاریان لەسەر کراوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا بەپێی ساڵ ڕیزبەندییان بۆ کراوە و خراونەتەڕوو:

| ژ | ناونیشانی ماستەرنامە | ناوی توێژەر | بواری توێژینەوە | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جوانکاری لەشیعرەکانی (سەلام)دا | ئامینە یاسین محمەد ملازادە | شیعر | ٢٠٢٠ |
| ٢ | شیعرییەت لە هۆنراوەکانی (مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان)دا | محەمەد عوسمان محەمەد | شیعر | ٢٠٢١ |
| ٣ | شیعرییەت لە (کارێزەمەرجان)ی موحسین ئاوارەدا | مەهدی محەممەد مەلا | شیعر | ٢٠٢١ |
| ٤ | شێوازی زمانی شیعری لە شیعرەکانی (جەوهەر غەمگین)دا | نزار محمد حسین | شیعر | ٢٠٢١ |
| ٥ | ستراتیژییەتی ناونیشان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا | عبدللە محمد خالد | شیعر | ٢٠٢١ |
| ٦ | چەمکە کانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بەنموونە) | بەهار صالح ابابکر | ئەدەبی فۆلکلۆر | ٢٠٢٢ |
| ٧ | هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا | ڤیان قانع حسین | ڕۆمان | ٢٠٢٢ |
| ٨ | ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە | سیروان واحید خضر | ڕەخنەی ئەدەبی | ٢٠٢٢ |
| ٩ | ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی لە دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی دا جەمشیدخانی مامم هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد ، هەورەکانی دانیاڵ | ڕێبوار کریم سلیمان | ڕۆمان | ٢٠٢٢ |
| ١٠ | تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر | مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا | ئەدەبی فۆلکلۆر | ٢٠٢٢ |
| ١١ | بەها مرۆییەکان لە ڕۆمانی دەریاس و لاشەکان)ی (بەختیار عەلی)دا | سۆران رشید حمد | ڕۆمان | ٢٠٢٢ |
| ١٢ | سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بەنموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک | بڕیار خەلیل حسێن | شیعر | ٢٠٢٢ |
| ١٣ | ڕهەندی دەروونی و کاریگەری لە دیالۆگی ناوەوەی کۆچیرۆکی (لاکێشەڕوونەکان)ی عەبدوڵڵا سەڕاج دا | کەنار یاسین عومەر | چیرۆک | ٢٠٢٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | ئەزموونی شیعری عبدالخالق سەرسام | ئاڤێستا عبدالخالق سەرسام | شیعر | ٢٠٢٢ |
| ١٥ | هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی شێوازی لە زمانی شیعری ئەحمەد هەردیدا | لەنجە کریم فتاح | شیعر | ٢٠٢٢ |
| ١٦ | بنیاتی هزری و هونەری لەشیعرەکانی نەجات ئەسپیندارەیی دا | ئارەزوو ئەزوەر کە ریم | شیعر | ٢٠٢٣ |
| ١٧ | ڕیالیزم لەکۆچیرۆکی (هەڵۆی)ی (ڕەوف بێگەرد)دا | خەندە حاجی بکر | چیرۆک | ٢٠٢٣ |
| ١٨ | شیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام) | ڕێکار عەلی حەسەن | ڕۆمان | ٢٠٢٣ |
| ١٩ | ڕەنگدانەوەی ڕێبازەکانی ئەدەب لە ئەزموونی شیعریی (فەرهاد پیرباڵ)دا | کۆسرەت عەلی عەبدوڵلا | شیعر | ٢٠٢٣ |
| ٢٠ | وێنەی پایز لە شیعرەکانی (ئاری عەبدل لەتیف و محەمەد عومەر عوسمان)دا | اکرام جلال خالد | شیعر | ٢٠٢٣ |

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەوردی سەرنجەکان لەسەر بەشێک لەو ماستەرنامانەی دەکەونە سنووری توێژینەوەکەمان وەک نموونە وەرمانگرتوون زیاتر چڕبکەینەوە، هەروەک ئاشکرایە ئەو ماستەرنامانەی وەرمانگرتوون لە بواری ئەدەبی کوردیدان و دەکەونە نێوان ساڵانی (٢٠٢٠ - ٢٠٢٣ )ی بەشە کوردییەکانی زانکۆی سەلاحەددینن، لێرەدا بۆ ئەوەی بۆمان ئاشکرابێت ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەو لایەنە گرنگەی توێژینەوەی زانستیی لەنێو ماستەرنامەکاندا لەچ ئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە؟ بۆ ئەم مەبەستەش لێرەوە بەپێویستی دەزانین بەشێوەی پراکتیکی کار لەسەر ئەو ماستەرنامانە بکەین بەم شێوەیە:

### ٢-٢: ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان خستۆتەڕوو

ئەو ماستەرنامانەی لەم برگەیەدا کاریان لەسەر دەکەین بریتیین لەو نامانەی، کە بە ناونیشان و بەبێ ناونیشان پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان خستۆتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**توێژینەوەی ١: چەمکەکانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بەنموونە) توێژە: (بەهار صالح ابابکر).**

ئەم ماستەرنامەیە لە ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەشکراوە، توێژەر برگەیەکی تەرخانکردووە بۆ پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای برگەی سنووری توێژینەوەکە و لە لاپەڕە (٢-٤)ی توێژینەوەکەی دەگرێتەوە، بە ناونیشانی (ئەو بابەتانەی پێشتر لە بواری چەمکی ژیان نووسراون)، گەر لە ناونیشانەوە دەستپێبکەین دەبینیین توێژەر لە ڕووی ئەکادیمییەوە دەستی بۆ ناونیشانێکی بابەتی نەبردووە، کە لە توێژینەوە زانستییەکاندا بە وردی و دروستی داڕێژراون بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا بە ناوی (الدراسات السابقة) و لە زمانی ئینگلیزی بە (literature review) هاتوون، ئەمەش گەر بە وەرگێڕان ئەکادیمی، کەڵکی لێوەربگرین بۆ سەر زمانی کوردی دەبێتە: (پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو). جێی باسە هەندێکجار لێرەولەوێ لە زمانی عەرەبیش (مراجعة الأدبيات) بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش وەرگێڕانی وشەییە (حەرفی) و ئەکادیمیی نییە. لەبارەی ڕەگەزەکەوە ماستەرنامەکە لە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا، دوو توێژینەوەی وەرگرتووە، یەکەمیان ماستەرنامەیە و دووەمیان تێزی دکتۆرایە، توێژەر پلان و پەیکەری توێژینەوەکانی هەریە، کە بەجیا خستۆتەڕوو، بەڵام بۆ قسەکردن و گەنگەشەکردنی توێژینەوەکان لە یەکەمیان تەنها بە کەمتر لە دوو دێڕ ئەمەی نووسیوە: "ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات ژیان خۆی لە خۆیدا پێکەوەژیان و وەرگرتن و بەخشینە، هەروەها ژیان مانایەکی قووڵتری هەیە لەوەی، کە خەڵکی وێڵە بەدوایدا، کە ژیانی دونیایە، بگرە ژیانی دونیا کێڵگەی دواڕۆژە و ژیانی ڕاستەقینە و نەمری لە ژیانی دواڕۆژدایە" (ابابکر، ٢٠٢٢: ٣)، هەروەها بۆ توێژینەوەی دووەمیان بە زیاتر لە چوار دێڕ باسی کردووە و نووسیویەتی: "ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات هەردوو

شاعیر باوەڕیان وایە دونیا شتێکی بابەتییە و باوەڕیان بە ئامانجدار بوونی دونیا هەیە، هەروەها لەبارەی ژیانەوە هەردوو شاعیر بوون و سروشت و ژیان بە زیندوو دەبینن"، یان لە کۆتا باسوخواسی توێژەر لەسەر هەردوو توێژینەوەکە دەڵێت: "ئەم دوو توێژینەوە ئەکادیمییە بە شێوەیەکی گشتی باس لە چەمکی ژیان دەکا لە شیعردا، بەڵام هێندەی ئێمە ئاگاداربین هیچ توێژینەوەیەک دەربارەی چەمکی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا نەکراوە" (ابابکر، ٢٠٢٢: ٣-٤).

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت توێژەر پەیڕەوی لە تەواوی بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوەی زانستیی لە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا نەکردبێت، جگە لە خستنەڕووی ناونیشان و ناوەرۆکی توێژینەوەکان زۆر بەکورتی و بە چەند دێڕیکی سنووردار کۆتایی بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو هێناوە، گەر لە ڕووی ئەکادیمییەوە بڕوانینە ئەم بڕگە و بابەتەی توێژینەوەی زانستیی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە شێواز و نووسینی ئەم بابەتە بەم شێوەیە نییە توێژەر خستویەڕوو، بەڵکو گرنگییەکە لەوە زۆر زیاترە بەم شێوازە بخرێتەڕوو. لە توێژینەوەی زانستیی و لە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا باشتروایە توێژەر پەیڕەوی لە بنەمازانستییەکان بکات بۆ نموونە لێک جیاکردنەوەی بڕگەکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو وەکو (ئامانج ، ناوەرۆک، ئەنجامەکان)، لەم بارەیەوە توێژەر تەنها ناوەرۆکی توێژینەوەکانی پێشووی خستۆتەڕوو، واتە خۆی لە مەسەلەی هەڵسەنگاندن و شرۆڤکردنی ڕەخنەگرانەو نەداوە ... تاد لە هەمبەردا تەنها بە پەرەگرافێکی کورت کۆتایی بە کارەکەی هێناوە، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە کێماسی بە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی پێوە دەبینرێت.

**توێژینەوەی ٢: ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی لە دوو ڕۆمانی بەختیار عەلی دا (جەمشیدخانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد ، هەورەکانی دانیال)، توێژەر (ڕێبوار کریم سلێمان)**

ماستەرنامەیەکە لە ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەشکراوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت توێژەر هیچ ناونیشانێکی بۆ بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دانەناوە، ڕاستەوخۆ لەدوای پێشەکی هاتووەتە سەر باس و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، ناوبراو بە کارە ئەدەبییەکانی پێشوو دەستپێدەکات، کە دەنووسێت: "سەبارەت بەم کارە ئەدەبیانەی، کە لەمەوپێش لەسەر ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیا ئەنجامدراون ... هتد" (سلێمان،٢٠٢٢: ١). جێی باسە لە ڕووی واتاوە گەر سەرنجێک بخەینەسەر ئەم دەربڕینە: (کاری ئەدەبی) ئەمەش جیاوازە لە توێژینەوەی زانستیی، دەکرێت نووسینی دەقێکی ئەدەبی وەکو: (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان،... هتد) کاری ئەدەبی بن، بەڵام خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردن بەپێی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنە و بەدواچوون و ساغردنەوەی دەقێک ئەمانە دەبن بە توێژینەوەی ئەدەبی. لەبارەی چۆنییەتی نووسین و خستنەڕووی بابەتی توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکەدا، توێژەر چوار توێژینەوەی (ماستەرنامە)ی وەرگرتووە، هەرچەندە یەکێکیان ئاماژەی پێنەکردووە، بە خوێندنەوەیان دەردەکەوێت توێژەر تەنها ئاماژەی بۆ بوونی ئەو توێژینەوانە کردووە پێشتر لە بابەت ئایدۆلۆژیا لەنێو توێژینەوە ئەدەبییەکان کراون، هەروەها توێژەر لە کۆتا دێڕەکانی خستنەڕووی ئەم بابەتە بە ئاماژەیەکی زۆر کورت دەنووسێت: "لەم ماستەرنامەیە شیکارییەکی وردی بۆ شیعری ئەو شاعیرانە کردووە و لایەنی باڵادەستی ئایدۆلۆژیای دیاریکردووە لە شیعرەکانیان" (سلێمان، ٢٠٢٢: ٢). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت توێژەر تاڕادەیەک خوێندنەوەی بۆ توێژینەوەکە کردبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەمە ناچێتە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی تەواوی بنەما زانستییەکانی بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، چونکە شێوازی زانستیی لە نووسین و خستنەڕووی بابەتەکە چەندین بنەما و بڕگەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەبێت توێژەری ئەکادیمی بەوردی ڕەچاویان بکات و بگەڕێت بەدوای ئەو کەلێن و بۆشاییە زانستیانەی توێژەرانی پێشوو لە توێژینەوەکانیاندا درکیان پێنەکردووە یان بەسەریاندا تێپەڕیوە.

**توژینەوەی ٣: ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ) لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کولتوورییەوە، توێژەر (سیروان واحد خضر)**

ئەم ماستەرنامەیە لە ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەشکراوە، توێژەر بە ناونیشانی توێژینەوەکانی پێشوو تەنها (٣) توێژینەوەی وەرگرتووە، دوانیان ماستەرنامەیە و ئەویتریان تێزی دکتۆرایە، هاوکات بە خاڵ ڕیزبەندی بۆ کردوون، هەروەها توێژەر

پلان و پەیکەری هەریەک لەو توێژینەوانەی بەوردی خستۆتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشە تیۆری و پراکتکیی توێژینەوەکاندا ئاماژەی بۆ کردووە. ئەوەی لەم ماستەرنامەیە تێبینی دەکرێت: توێژەر جگە لە خستنەڕووی ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئاماژەیان بۆکرا، کە ئەمەش دەچێتە خانەی خستنەڕووی ناوەرۆکی توێژینەوەکان، هەرچەندە وادەردەکەوێت توێژەر خوێندنەوەی بۆ توێژینەوەکە کردبێت، ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە، بەڵام هیچ هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیەک یان سەرنج و تێبینییەکی لەسەر کۆی ئەو توێژینەوانە وەریگرتوون نەخستۆتەڕوو، لەهەمبەردا ناوەرۆکی توێژینەوەکانی بەکورتی نووسیوە. ئاشکرایە لە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بابەتی خوێندنەوەی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکاری دەبێت لەسەر ئەو توێژینەوانەی توێژەر وەریاندەگرێت، جگە لەوەی کۆمەڵێک زانیارییان لێ وەردەگرێت، هاوکات توێژەر لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت پەرە بە توانستی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ڕەخنەیی خۆی بدات و زانیاری زیاتر لەو بابەتانەوە بەدەست بهێنێت.

**توێژینەوەی ٤: شیعرییەتی کات لەڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)دا، (ڕێکار عەلی حەسەن)**

لەبارەی بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ئەم ماستەرنامەیەدا، کە لە ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەشکراوە، توێژەر بە ناونیشانی پێشینەی توێژینەوە هەوڵیداوە چەند توێژینەوەیەک تاڕادەیەک پەیوەست یاخود نزیکایەتییان لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەیدا هەیە وەربگرێت، ژمارەی ئەو توێژینەوانەی وەریگرتوون (٣) توێژینەوەن، توێژەر بە دوو پەرەگرافی تاڕادەیەک درێژ دەست پێدەکات، بە پێشەکییەک دەچێتە سەر باسەکە بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە هەست بەوەدەکرێت توێژەر بەشێوەیەکی تاڕادەیەک زانستیی ڕەچاوی شێوازی باسکردن و خستنەڕووی برگەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی کردبێت، بۆ نموونە دوای ئەوەی توێژینەوەکەی خستوەتەڕوو، هاتووە ڕاوسەرنجی لەسەر خودی توێژینەوەکە دەربڕیوە، دەنووسێت: "... بەڵام توێژەر ئەوەی پیشان نەداوە، کە ڕۆڵی ئەم تەکنیکانە چین لە دروست کردنی جوانیناسی و چۆن شیعرییەتی کات لەناو ڕۆمانە، کە بەرهەم دەهێنن ... ئەوەی دەرنەخستووە، کە ڕۆڵی کات چییە؟"، هەروەها سەرنجی خۆی لەسەر توێژینەوەی دووەم بەم شێوەیە دەردەبڕێت: "باس لە تێکشکاندنی زنجیرەیی کاتی گێڕانەوە دەکات، بەڵام ئاماژە بەم تێکشکاندنە لە بنیاتنانی جوانیناسی و دروستکردنی شیعرییەتی کات لەناو دەقە، کە ناکات" (حەسەن، ٢٠٢٢: ٥). هەرچەندە توێژەر توێژینەوەی سێیەمی تەنیا خستۆتەڕوو، بەڵام دەتوانین بڵێین سەرنجەڕەخنەییەکانی لەسەر دوو توێژینەوەکەی پێشتری تا ئاستێک خۆیداوە لە مەسەلەی خوێندنەی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندن، کە ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی دادەنرێت، توێژەر تاڕادەیەک هۆشیاری و ئاگایی لە چۆنییەتی نووسینی توێژینەوەی زانستیی و بەتایبەت بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو هەبووبێت، چونکە یەکێک لە بنەماکانی نووسینی توێژینەوەی زانستیی و سەرکەوتوو ئەوەیە: توێژەر شارەزاییەکی باشی لە ڕەگەز و بنەما و ڕێبازەکانی توێژینەوە هەبێت، تاکو بتوانێت بەپێی ڕێکارە زانستیی زانیارییەکان شرۆڤە بکات و بە ئەنجامی دروست بگات، پاشان زانیاری تازە پێشکەش بە مەعریفەی گشتی بکات.

**توێژینەوەی ٥: وێنەی پایز لە شیعرەکان ئاری عەبدولەتیف و محەمەد عمر عوسمان، توێژەر (اکرام جلال قادر)**

ئەم ماستەرنامەیە لە ساڵی (٢٠٢٣) پێشکەشکراوە، توێژەر بە ناونیشانی توێژینەوەکانی پێشووتردا شەش بەرهەمی وەرگرتووە، کە ئەوانیش بریتیین لە دوو توێژینەوە و دوو کتێب و دوو ماستەرنامە، هەریەکەیانی بەجیا خستۆتەڕوو، توێژەر لە کۆی ئەو شەش بەرهەمەی وەریگرتوون و تاڕادەیەک پەیوەستی و نزیکایەتییان لەگەڵ توێژینەوەکەیدا هەیە، توێژەر بەکورتی ناوەرۆکی خستۆتەڕوو، بەدەربرینێکیتر توێژەر تەنیا باسی لە چۆنییەتی شێوازی کارکردن لەنێو ئەو کتێب و توێژینەوانە کردووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت توێژەر هیچ جۆرە ڕا و سەرنجێک یاخود خوێندنەوەی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنێکی بۆ هیچ کام لەو بەرهەمانەی وەریگرتوون نەکردووە و ڕێکاری نووسینی بنەماکانی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی نەگرتووەتەبەر، لە چوارچێوەی بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو جێی کردوونەتەوە، وادەردەکەوێت ئەم توێژینەوەیەش وەکو بەشێک لە توێژینەوەکانی دی ڕەچاوی چۆنییەتی نووسینی ڕەگەزەکەی نەکردبێت.

**توێژینەوەی ٦: ڕەنگدانەوەی ڕێبازەکانی ئەدەب لە ئەزموونی شیعریی (فەرهاد پیرباڵ)دا، توێژەر (کۆسرەت عەلی عەبدوڵلا)**

لەم ماستەرنامەیەدا، کە ساڵی (٢٠٢٣) پێشکەشکراوە بە ناونیشانی توێژینەوەکانی پێشووتردا باس لە ڕەگەزەکە کراوە، توێژەر بۆ بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو (٥)نامەی ئەکادیمی وەرگرتووە، هەروەها ئاماژەی بە هەردوو ناونیشانی کتێبی ڕێبازە ئەدەبییەکانی (فەرهاد پیرباڵ و هیمداد حوسێن) کردووە. بە جۆرێک (٤) لەو نامانە ماستەر و یەکێکیان تێزی دکتۆرایە، هەریەک لەو نامە ئەکادیمییانەی وەریگرتوون تەنها ناونیشان و ناوەڕۆکی تێز و ماستەرنامەکانی بەشێوەیەکی کورت خستۆتەڕوو. کەواتە ئەم ماستەرنامەیەش لە چوارچێوەی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا تەنیا کاری خستنەڕووی ئەنجامداوە، هیچ بەدواچوون یاخود شیکاریی و هەڵسەنگاندنێکی بۆ نامە ئەکادیمییەکان نەکردووە، کاری لەسەر برگەکانی نووسینی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو نەکردووە وەکو: (پێشەکی، میتۆد، ئامانج، ... هتد)، هەروەها توێژەر هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان و بەراوردکردنیان بە ناوەرکی ئەو نامە وەرگیراوانە نەکردووە، ئەم کارانە بە پێویست و زانستیی دادەنرێت لە ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بێت توێژەر لە وەرگرتن و خستەڕووی نامەئەکادیمییەکاندا، ماستەرنامەیەکی وەرگرتووە بەم شێوەیە: (٥- نامەی ماستەری سیروان واحد خضرە بە ناونیشانی (ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کولتوورییەوە ...) (عەبدوڵلا، ٢٠٢٣: ٥). لێرەدا پرسیارێک پێشدێت: باشە میتۆدی ڕەخنەی کلتووری چ پەیوەندییەکی بە ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە هەیە؟ کە ناونیشانی توێژینەوەکەی خۆیەتی هاوکات ناوەرۆکی ماستەرنامەکەشی خستۆتەڕوو، سەرلەبەری باسی ڕەخنەی کلتوورییە و پەیوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی ڕەخنەی کلتووری ... هتد دەکات. وادەبینرێت توێژەر لەم بابەتەدا نەیپێکابێت و لە ڕووی زانستییەوە ئەم نامە ئەکادیمییەی وەرنەگرتبێت و ناونیشانی ماستەرنامە وەرگیراوەکە فریوی دابێت، کە بە (ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ) دەسپێدەکات، بەڵام مەرج نییە لەم نامەیەدا لەسەر (ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ) توێژینەوە کراوە باس لە ڕێبازە ئەدەبییەکان کرابێت، ئەمەش تەوەری سەرەکی کارکردنی توێژەر خۆیەتی، ئەوەی دەبینرێت هەروەکو توێژەر خۆشی ناوەرۆکی ئەو نامە ئەکادیمییەی خستۆتەڕوو، دوور و نزیک پەیوەندی بە کارەکەی خۆیەوە نییە، وەرگرتنی ماستەرنامەکە بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، بە کارێکی نازانستیی و کێماسی لەسەر ماستەرنامەکەی توێژەر هەژمار دەکرێت، چونکە بابەتی نامە وەرگیراوەکە پەیوەندی بە ناونیشانەکەی توێژەرەوە نییە.

**توێژینەوەی ٧: هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، توێژەر (ڤیان قانع حسین)**

توێژەر ماستەرنامەکەی لە ساڵی (٢٠٢٢) پێشکەشکردووە، برگەیەکی تایبەتکردووە بە ناونیشانی (پێشینەی توێژینەوە) ئەویش لەنێوان لاپەڕەکانی (٣ – ٩)دایە، لە ڕووی ناونیشانەوە وەکو یەکێک لەو ماستەرنامەکەی پێشتر باسمان کرد ناونیشانێکی ئەکادیمی دانەناوە، توێژەر بۆ ئەم بابەتە نزیکەی (١٥) توێژینەوەی وەرگرتوون و ناوەرۆکی بەشی هەرە زۆریانی خستۆتەڕوو، ئەوەی لەم ماستەرنامەیەدا هەستی پێدەکرێت ئەوەیە توێژەر بەجۆرێک لە جۆرەکان، سەرنجی کورتی لەسەر چەند توێژینەوەیەک نووسیوە وەکو: "توێژەر تەنیا لایەنی توخمی گێڕانەوەی باسکردووە، باس لە لایەنی هونەرەکانی گێڕانەوە ناکا لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە" (حسین،٢٠٢٢: ٣)، هەروەها سەرنجی لەسەر توێژینەوەیەکی تر خستۆتەڕوو: "نەچۆتە نێو لایەنە گرنگەکانی هونەر و توخمەکانی تری گێڕانەوە و هیچ ئاماژەیەکی پێنەکردوون" (حسین، ٢٠٢٢: ٤). ئەمەش ئەوە دەردەخات توێژەری نامەکە تاڕادەیەک خوێندنەوەی بۆ ناوەرۆکی توێژینەوەی وەرگیراو کردبێت، بۆیە دەبینین ڕاوسەرنجی خۆی لەبارەی بابەتەکەوە دەربڕیوە. لە کۆی ئەو توێژینەوانەی وەریگرتوون تەنها ئەو سەرنج و تێبینیە کورتانەی لەسەریان خستۆتەڕوو. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج بێت، ئەوەیە: توێژەری ئەم نامەیەش هاوشێوەی یەکێک لە ماستەرنامەکان تائاستێک خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ توێژینەوەکان کردووە و تێبینیشی لەبارەیانەوە نووسیوە، ئەم کارەش بە خاڵێکی ئەرێنی هەژمار دەکرێت. توێژەر توانیویەتی ڕەچاوی بنەمایەکی زانستیی توێژینەوە بکات، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، کە توێژەری ئەم نامەیە تاڕادەیەک هۆشیاری لە بابەتی نووسینی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو هەبوو بێت، بۆیە لانی کەم ڕەچاوی شێوازی نووسینی هەندێک بنەمای کردووە.

له کۆتاییدا دەکرێت بگوترێت لە کۆی ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو وەک ڕەگەزێکی توێژینەوەی زانستیی ئامادەییان هەبووە، بە ناونیشانی ڕەگەزەکەدا خراونەتەڕوو، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێوەی زانستیی نەخراونەتەڕوو، چونکە بۆ شێوازی نووسین و خستنەڕوو لە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو پێویستە ڕەچاوی بنەمای زانستیی بکرێت و کار لەسەر ئەم بڕگانەی خوارەوە بکرێت وەکو:

- ئامانجی توێژینەوە
- ناوەڕۆکی توێژینەوە
- میتۆدی توێژینەوە
- ئەنجامەکانی توێژینەوە

هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد لە تەواوی ماستەرنامەکان گەر پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بوونیشی هەبێت ئەوا بەشێوەیەک نییە بەتەواوی ڕەچاوی بنەماکان کرابێت، تەنها چەندانەیەکیان نەبێت کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەشی هەرە زۆریان لە چوارچێوەی خستنەڕووا تێپەڕناکەن، یان زۆر بە کورتی و لە چەند دێڕیکدا باسیانکردووە، لە سنووری توێژینەوەکەی ئێمەدان ژمارەیان تەنها حەوت ماستەرنامەیە، لەسەرەوە بەوردی کارمان لەسەر کردوون، توێژەری ئەو نامانە بڕگەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا. هاتوون بە باسکردن و خستنەڕووی هەندێک توێژینەوە، یان کتێبی نزیک لە ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکەی خۆیان لە بەشێوەیەکی گشتی سێ لەو ماستەرنامانە لە چوارچێوەی ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا، تەنها ئەو توێژینەوانەیان وەریانگرتوون و خستوویانەڕوو، دیارە هەریەکەیان ئەم کارەیان بەشێواز و جۆری جیاواز ڕایی کردووە، بە جۆرێک کە بەراوردێک لەنێوان ئەو ماستەرنامانە دەکەین دەبینیین هاوشێوەی یەکدی کاریان نەکردووە، لە کۆی حەوت ماستەرنامەکە چوار لەو نامانە بەشێوەی جیاواز لەو نامانەی پێشتر باسکران ئاماژەیان بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو کردووە، یەک ماستەرنامە بەبێ ناونیشان و ڕاستەوخۆی دوای پێشەکی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی خستۆتەڕوو. لەبارەی سەرنجی ڕەخنەیی دوو ماستەرنامە ئەم کارەیان کردووە، نامە هەیە نزیکەی (١٥) توێژینەوە و سەرچاوەی وەرگرتووە و ڕەخنە و سەرنجی لەسەر دوو لەو توێژینەوانە خستۆتەڕوو.

**٢-٣: ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان نەخستۆتەڕوو**

لێرەدا ئەو ماستەرنامانە وەردەگرین، کە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان نەخستۆتەڕوو، ئەوانیش ژمارەیان (١٣) ماستەرنامە دەبێت و دەبن بە دووبەشەوە:

**یەکەم:** ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان ئەنجام نەداوە و ئاماژەیان بە هۆکارەکەشی نەکردووە، ئامادەگی ڕەگەزەکە لەنێو نامەکاندا بوونی نییە، ئەوانیش ژمارەیان (٩) ماستەرنامە دەبێت، ئەوەی جێی باس و سەرنج بێت، لە کۆی ئەو ماستەرنامانە یەک نامەیەکیش نابینین، کە ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێویاندا بوونی هەبێت، ئەو نامانە دوور و نزیک خۆیان لە قەرەی باسکردن یان خستنەڕووی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو نەداوە، ئاشکرایە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو ڕەگەزەی توێژینەوەی زانستیی نامە ئەکادیمییەکانیان نووسیوە و کارەکەشیان ڕاییکراوە، ئەمانەی خوارەوە ماستەرنامەکانن، کە بریتیین لە:

١. شیعرییەت لە هۆنراوەکانی (مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان)دا (٢٠٢١)، توێژەر (محەمەد عوسمان محەمەد)
٢. شێوازی زمانی شیعری لە شیعرەکانی (جەوهەر غەمگین)دا (٢٠٢١)، توێژەر (نزار محمد حسين)
٣. ستراتیژییەتی ناونیشان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکە س)دا (٢٠٢١)، توێژەر (عبدلله محمد خالد)
٤. تایبەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر (٢٠٢٢)، توێژەر (مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا)
٥. سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بەنموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک (٢٠٢٢)، توێژەر (بڕیار خەلیل حسێن)
٦. ئەزموونی شیعری عبدالخالق سەرسام (٢٠٢٢)، توێژەر (ئاڤێستا عبدالخالق سەرسام)
٧. هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی شێوازی لە زمانی شیعری ئەحمەد هەردی دا (٢٠٢٢)، توێژەر (لەنجە کریم فتاح)

٨. بنیاتی هزری و هونەری لە شیعرەکانی نەجات ئەسپیندارەیی دا (٢٠٢٣)، توێژەر (ئارەزوو ئەزوەر کە ریم)
٩. ڕیالیزم لە کۆچیرۆکی (هەڵۆی)ی (ڕەوف بێگەرد)دا (٢٠٢٣)، توێژەر (خەندە حاجی بکر)

**دووەم:** ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان ئەنجام نەداوە، بەڵام هەندێک پاساو یان هۆکاریان باسکردووە، کە دەکرێت تاڕادەیەک لەو (٩) ماستەرنامەیەی سەرەوە جیابکرێنەوە، ئەمانیش ژمارەیان (٤)ماستەرنامەیە دەبێت و بریتیین لە:

١. جوانکاری لەشیعرەکانی (سەلام)دا (٢٠٢٠)، توێژەر (ئامینە یاسین محمەد ملازادە)
٢. شیعرییەت لە (کارێزەمەرجان)ی موحسین ئاوارەدا (٢٠٢١)، توێژەر (مەهدی محەممەد مەلا)
٣. بەها مرۆییەکان لە ڕۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی (بەختیار عەلی)دا (٢٠٢٢)، توێژەر (سۆران رشید حمد)
٤. ڕەهەندی دەروونی و کاریگەری لە دیالۆگی ناوەوەی کۆچیرۆکی (لاکێشە ڕوونەکان)ی عەبدوڵڵا سەڕاج دا (٢٠٢٢)، توێژەر (کەنار یاسین عومەر)

بەشێوەیەکی گشتی ئەم (٤)ماستەرنامەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، پێشتر کار لەسەر بوارەکەی ئەوان، یان وردتر بڵێین بابەتەکەی ئەوان وەکو: ئەو شاعیرەی وەریانگرتووە یاخود ئەو ڕەهەندەی لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان کاریان لەبارەوە کردووە پێش ئەوان توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

لە ئێستادا ناوەندە ئەکادیمییەکان گرنگییەکی زۆرتر بە ڕەگەزەکە دەدەن و لەو ناوەندانەدا سەرنجێکی زیاتر دەخرێتەسەر ئەو کارە و دەکەوێتە چوارچێوەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوودا. لەبارەی ئەم ڕەگەزەی توێژینەوەی زانستیی چەندین کتێب هەیە تایبەتکراوە بەم ڕەگەزە، دیارە ئەمەش لەبەر گرنگی و پێوست بوونی لەنێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا دەکرێت، بۆ وێنە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دوو کتێب دەکەین ئەوانیش: یەکەمیان کتێبەکەی هەردوو نووسەر( Jose L. Galvan) و (Melisa C. Galvan) بەناونیشانی (Writing Literature Reviews)، کە خۆی لە (٢٨٨) لاپەڕەدا دەبینێتەوە، ئەم کتێبە چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٢) بڵاوکراوەتەوە و چاپی حەوتەمی لەبەردەستی ئێمەدایە لە ساڵی (٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە، دووەمیان کتێبەکەی (Diana Ridley)، ئەمیش بە ناونیشانی ( The Literature Review A Step-by-Step Guide for Students) ئەم کتێبە چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٨) بڵاوکراوەتەوە و چاپی دووەمی ئەم کتێبەش لەبەردەستماندایە لە ساڵی (٢٠١٢) بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە سەرجەمیان تایبەت و تەرخانکراون بۆ پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو. هەڵبەتە ئەمانە نموونەی ئەو کتێبانەبوون، کە تایبەتکراون بە بواری پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی و وتاری گرنگ هەن بۆ ئەم ڕەگەزەی توێژینەوەی زانستیی تەرخانکروان. کەواتە هەموو ئەم ئاماژانە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکەن، لە کاتی نووسینی نامە و توێژینەوەی ئەکادیمییدا پێویستە توێژەر ئەم ڕەگەزەی توێژینەوە ڕەچاو بکات و بەوردی شێوازی نووسین و خستنەڕووی پێداچوونەوەکە ئەنجام بدات، چونکە ئامادەنەبوونی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو توێژینەوەی ئەکادیمییدا بەپێی پێوەری زانستییەکان بە کەموکوڕی و کێماسی بۆ هەموو ئەو توێژینەوانە هەژماردەکرێت، ڕەگەزەکە لەنێویاندا ئامادەیی نییە، ئەمەش بەتایبەت بۆ ئەو توێژینەوە ئەکادیمییانە، کە تازەن و بەم دواییانە بڵاوکراونەتەوە، ئاشکرایە لە ئێستادا بەهۆی ئەو کارئاسانییەی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتەوە هاتوتە ئاراوە، وایکردووە بەئاسانی توێژەران و خوێنەران دەستیان بە سەرچاوە هەمەڕەنگەکان، بە زمانە جۆراوجۆرەکان بگات. ئەمەش پاساوێکی نەهێشتووەتەوە، بۆ خۆلادان لە باسنەکردن و نەخستنەڕووی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، ئاشکرایی نەک تەنها بە زمانی بێگانەکان، بەڵکو بە زمانی کوردیش سەرچاوەی بەردەست هەن، بۆ ئەوەی توێژەری کورد بتوانێت سوود و زانیارییان لەبارەی بنەما و ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستیی لێیانەوە وەربگرێت و لە نووسنی توێژینەوەدا زانستییانە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا بکات، لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینەسەر ئەوەی، کە دەکرێت ئەو توێژینەوانەی تازە و پێشەنگن و پێش ئەوان هیچ توێژینەوەیەک لەبواری بابەتەکەیانەوە نەکرا بێت، ئەم حاڵەتە گەر هەبێت نەک بە کێماسی نابینرێت، بەڵکو توێژینەوەکە بۆخۆی پێشەنگە و لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا پێداچوونەوەیەک

بوونی نابێت، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت ئەم توێژینەوەیەی ئێمە (ڕەگەزی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیدا (٢٠٢٠ – ٢٠٢٣) )، بچێتە ئەو خانەیەوە، لەبەر ئەوەی هێندەی ئێمە ئاگاداربین بە زمانی کوردی توێژینەوەیەک بەرچاوناکەوێت تایبەت کرابێت بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بڵاوکرابێتەوە، هەروەک لە پێشەکی توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان بۆ ئەم بابەتەکردووە، توێژینەوەیەکمان بەرچاو نەکەوت پەیوەست بێت بە پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو.

لە کۆتاییدا دەردەرکەوت، کە بەشێکی زۆری ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردیی سنووری توێژینەوەکەمان، (توێژینەوەکانی پێشوو) وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستیی ئامادەی نییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو نامە ئەکادیمییانەی گرنگیان بە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو نەدابێت، گەر بە نەشارەزایی و بێئاگایی بەسەریان تێپەڕیبێت، بە نەنگی و کێماسی زانستیی لەسەر ماستەرنامەکان هەژمار دەکرێت، چونکە بابەتی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لە تەواوی ناوەندە ئەکادیمییەکان بایەخی پێدەدرێت و وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی توێژینەوەی زانستیی دادەنرێت. ئەوەی جێگای باس بێت ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایەی توێژینەوەی زانستیی بەسوودی خوودی توێژەر تەواودەبێت، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت توێژەری ئەکادیمی شارەزایی باشتری لەسەر بنەما و ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستیی هەبێت و خوێندنەوەی وردیان بۆ بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی زانستیی و بابەتی مامەڵە لەگەڵ شێوازی نووسینی ئەکادیمییدا بکات و زانستییانە تەواوی بڕگە و بابەت و ڕەگەزەکانی توێژینەوەی زانستیی لەبەرچاوبگرێت، هەموو ئەمانەش لەپێناو ئەوەیە توێژینەوەیەکی زانستیی بەبێ کێماسی پێشکەش بە ناوەندە ئەکادیمییەکان بکرێت و توێژینەوەکە بۆشاییەکی زانستی پڕبکاتەوە، هاوکات سوود بە مەعریفەی گشتی بگەیەنێت.

**ئەنجامەکان**

١. پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو شارەزایی توێژەر زیاددەکات لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوە و هەوڵی دۆزینەوەی بۆشاییە مەعریفییەکانی پەیوەست بە بوارەکەی خۆی دەدات.

٢. لە کۆی ئەو (٢٠) ماستەرنامەیەی لە سنووری توێژینەوەکەماندان تەنها لەنێو (٧) نامەیان پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان ئەنجامداوە.

٣. لە کۆی (٧) ماستەرنامە تەنها (١) نامە بەبێ ناونیشان و ڕاستەخۆ دوای پێشەکی، پێداچوونەوە بەتوێژینەوەکانی پێشووی خستۆتەڕوو .

٤. لە کۆی (٧) ماستەرنامە (٦) نامە لەژێر ناونیشانی جیاواز پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشووی باسکردووە.

٥. ماستەرنامەیەک نزیکەی (١٥) توێژینەوە و سەرچاوەی وەرگرتووە، ڕەخنە و سەرنجی لەسەر (٢) لەو توێژینەوانە خستوتەڕوو، یەکێکیانی ستایشکردووە، هەروەها بەراوردێکی کورتی توێژینەوەکەی خۆی بە بەشێک لەو توێژینەوانە دەکات، کە وەریگرتوون.

٦. یەکێکی تر لەو ماستەرنامانە (٣) توێژینەوەی وەرگرتووە و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی لەسەر (٢) توێژینەوەیان خستوتەڕوو .

٧. ئەو ماستەرنامانەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان ئەنجام نەداوە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

أ. توێژەری بەشێک لەو ماستەرنامانە بەبێ هیچ ئاماژە، یان باسکردنێک، پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوویان ئەنجام نەداوە

ب. بەشێکی دیکە لە توێژەری ماستەرنامەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن پێش ئەوان توێژینەوە لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەیان نەکراوە.

**ڕاسپاردە و پێشنیازەکان**

**یەکەم: ڕاسپاردەکان**

- تەرخانکردنی بڕگەیەک بۆ پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، لە ڕێنماییەکانی نووسینی ئەکادییمی تایبەت بە (ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا).
- هەڵسەنگێنەران لەمیانی هەڵسەنگاندنی توێژینەوە ئەکادیمییەکان، داوای نووسینی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بکەن.
- لە خوێندنی وانەی ڕێبازی توێژینەوەی قۆناغەکانی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا)، جەخت لەسەر پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو بکرێت و گرنگییەکی زیاتر بە ئەم بابەتە بدرێت.

**دووەم: پێشنیازەکان**

- ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادییمی لەبارەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەبی کوردی قۆناغە جیاوازەکان.
- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو، لەنێو تێزەکانی دکتۆرای ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:

### به زمانی کوردی

-ابابکر، بەهار صالح (٢٠٢٢). چەمکە کانی ژیان لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدا (چەند بەرهەمێکی کۆکراوەی جەمال گردەسۆری بەنموونە)، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

-خالد، اکرام جلال (٢٠٢٣). وێنەی پایز لە شـــیعرەکانی (ئاری عەبلەتیف و محەمەد عومەر عوســـمان)دا، کۆلێژی پەروەردەبنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-بکر، خەندە حاجی (٢٠٢٣). ڕیالیزم لە کۆچیرۆکی (هەڵۆی)ی (ڕەوف بێگەرد)دا، ماســـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ســـەلاحەددین/ هەولێر.

-خالد، عبدلله محمد (٢٠٢١). ستراتیژییەتی ناونیشان لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-حسێن، بڕیار خەلیل (٢٠٢٢). سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بەنموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-حمد، ســۆران رشــید (٢٠٢٢). بەها مرۆییەکان لە ڕۆمانی دەریاس و لاشــەکان)ی (بەختیار عەلی)دا، ماســتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-سەرسام، ئاڤێستا عبدالخالق (٢٠٢٢). ئەزموونی شیعری عبدالخالق سەرسام، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

-مســـتەفا، مەســـعود عەبدوڵڵا (٢٠٢٢). تایبەندییەکانی فۆلکلۆری دەشـــتی هەولێر، ماســـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-عەلی، ڕێکار حەســەن (٢٠٢٣). شـیعرییەتی کات لە ڕۆمانەکانی (میران ئەبراهام)، ماسـتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سـەلاحەددین/ هەولێر.

-عەبدوڵڵا، کۆســـرەت عەلی (٢٠٢٣). ڕەنگدانەوەی ڕێبازەکانی ئەدەب لە ئەزموونی شـــیعریی (فەرهاد پیربال)دا، کۆلێژی پەروەردەبنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-محەمەد، عوســـمان محەمەد (٢٠٢١). شـــیعرییەت لە هۆنراوەکانی (مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەدییان)دا، ماســـتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-حسین، ڤیان قانع (٢٠٢٢). هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-سلیمان، ڕێبوار کریم (٢٠٢٢ ). ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی لە لە دوو ڕۆمانی بەخیار عەلی دا، جەمشیدخانی مامم هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد ، هەورەکانی دانیاڵ، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-فتاح، لەنجە کریم (٢٠٢٢). هەڵبژاردن وەک دیاردەیەکی شـــێوازی لە زمانی شـــیعری ئەحمەد هەردی دا، ماســـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-ملازادە، ئامینە یاسین محەمەد (٢٠٢٠). جوانکاری لەشیعرەکانی (سەلام)دا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-مەلا، مەهدی محەممەد (٢٠٢١). شیعرییەت لە (کاریزەمەرجان)ی موحسین ئاوارەدا، ماسـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سـەلاحەددین/ هەولێر.

-حســـین، نزار محمد (٢٠٢١). شـــێوازی زمانی شـــیعری لە شـــیعرەکانی (جەوهەر غەمگین)دا، ماســـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-خضــر، ســیروان واحید (٢٠٢٢). ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە، ماسـتەرنامە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-عومەر، کەنار یاســین (٢٠٢٢). ڕهەندی دەروونی و کاریگەری لە دیالۆگی ناوەوەی کۆچیرۆکی (لاکێشــەڕوونەکان)ی عەبدوڵڵا ســەڕاج دا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر .

-کەریم، ئارەزوو ئەزوەر (٢٠٢٣). بنیاتی هزری و هونەری لەشـــیعرەکانی نەجات ئەســـپیندارەیی دا، ماســـتەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر.

-ڕەشـید، ڕۆژان محەمەد و ئەحمەد، فوئاد عەلی (٢٠٢٤). بەربەسـتەکانی بەردەم توێژەر و ڕەنگدانەوەی لە توێژینەوەی زانسـتییەکانی بەشـی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، (٢٨-١، ل ٣٩٧-٤٢٠).

-عەزیز، عزالدین أحمد و ســـلیمان، شـــەوبۆ شـــمس الدین (٢٠٢٤). ڕێبازەکانی توێژینەوە لە زانســـتە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، هەولێر.

-حەسەن، فەرمان (٢٠٢٠). بنەماکانی نووسینی ئەکادیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک، سلێمانی.

## بەزمانی عەرەبی


–توفيق، درويش (٢٠١٩). الدراســـات الســـابقة وكيفية توظيفها في البحوث الاكاديمية للعلوم الاجتماعية، مجلة وحدة البحث في التنمية البشـــرية، مجلة: ١٦، عدد: ٠٤.

–زروالي، وصيلة (٢٠٢١). أهمية الدراسات السابقة في البحث العلمي، مجلة القبس للدراسات النفسية واالجتماعية ص٧٦–٨٥ ١٠١٠). (

–عبد الجليل، طواهير و عبد الباسط، ميدون (٢٠٢٢). جملة القبس للدراسات النفسية واإللجتماعية، جملد: ١٣ (٠٤) ص
–(104–115)،

–مليكة، ماقري (٢٠٢٢). ألاسـس املىهجيت لخىظيف الدزاسـاث السـابلت في البحث الاجخماعي، مجلة الحكمة للدراسـات االجتماعية، المجلد (١٠ العـدد: ٣).

–يحياوى، ابراهيم (٢٠٢١). الدراسات السابقة أهميتها وكيفية توظيفها في بحوث العلوم الاجتماعية، جملـــة علوم الانسان والجمتمع، جملد: (١٠ / العدد٠١ ).

Mursalin, Hisan Mirawati (2021). أهمية الدراسة السابقة لدى الباحثين في جامعة الراية، Rayah Al-Islam, Vol. 5, No. 1, April 2021


## بەزمانی ئینگلیزی


–Aliotta, Marialuisa (2018). Mastering Academic Writing in the Sciences A Step-by-Step Guide, y Taylor & Francis Group, LLC.

–Bryman, Alan (2012.) Social Research Methods, fourth edition, Published in the United States by Oxford University Press Inc., New York

–Denney Andrew S. and Tewksbury Richard, (2013). How to Write a Literature Review, JOURNAL OF CRIMINAL JUSTICE EDUCATION, Vol. 24, No. 2.

–Dewin, Sikalumbi Arona (2023). Success in Research, First Edition, Printgraphix Zambia.

–Fink, arlene (2014). CONDUCTING RESEARCH LITERATURE REVIEWS from the Internet to Paper, Fourth Edition, SAGE Publications, Inc.

–http://dx.doi.org/10.1080/01441647.2015.1065456

–Lim, weng marc, and et al (2022). Advancing knowledge through literature reviews: ‘what’, ‘why’, and ‘how to contribute’, The Service Industries Journal, VOL. 42, NOS. 7–8, 481–513.

–Ramdhani, et. Al, (2014). Writing a Literature Review Research Paper: A step-by-step approach, International Journal of Basic and Applied Science, Vol. 03, No. 01, 47-56.

–Research, (109, 333-339)

–Ridley, Diana (2012). The Literature Review A Step-by-Step Guide for Students, 2nd Edition, SAGE Publications Ltd, Los Angeles.

–Transpor Reviews, 2016 Vol. 36, No. 2, 278–28 Wee Bert Van & Banister David, (2015). How to Write a Literature Review Paper.

–Xiao, Yu and Maria Watson (2017). Guidance on Conducting a Systematic Literature Review, Journal of Planning Education and Research, 00(0).

–Hannah, sander (2019). Literature review as a research methodology: An overview and guidelines, Journal of Business, Research, (109, 333-339)


لەرێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٩ وەرگیراوە

http://dx.doi.org/10.1080/01441647.2015.1065456

# عنصر الدراسات السابقة في رسائل الماجستير في الأدب الكوردى (٢٠٢٠ _ ٢٠٢٣)

**كاوه عەلی مەردان**
قسم اللغة الكورديه، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين-أربيل،
أقليم كوردستان، العراق
Kawa.mardan@su.edu.krd

**الملخص**

هذه الدراسات تحمل عنوان (عنصر الدراسات السابقة في رسائل الماجستير في الأدب الكوردى (٢٠٢٠ _ ٢٠٢٣) ) في هذه الدراسة على أحد أهم وضرورة البحوث الأكاديمية أهمية الدراسات السابقة وقد تم تسليط الضوء عليها. محاولةٌ لجعل الرسائل التي تتناول الادب وقد ركزتٌ هذه الدراسةٌ على عنصر من العناصر الرئيسةِ في البحوثِ و الدراسات العلمية، لمعرفة مدى تواجد وكل هذا من اجل بيان كفية توظيف هذا عنصر في هذه الرسائل ماجستير، وإذا كان الأمر كذلك، كيف تم تطوير هذا الحضور، هل اعتمد الباحث على الأساليب والإجراءات العلمية في كتابة الدراسات السابقة أم فقط الأبحاث التي تم استلامها وتقديمها، وقد وظّفّ الباحثٌ المنهجٌ (التحليلي – التفسيري) في الدراسِته، بالاعتماد عى الأسس الثابتهٌ في الدراسات العلمية، وقد بدا الباحث – من خلال النتائج من بين من جميع رسائل الماجستير التي تم العمل عليها فإن الرسائل الوحيد هو وجود و سبع الرسائل ماجستير فقط، و من أصل سبع الرسائل ، قدمت واحد رسالة فقط بدون عنوان وبعد المقدمة مباشرة، الدراسات السابقة. التي توصّل اليها – أنٌ الدراسين لم يٌطبقو هذا العنصر (الدراسات السابقة في رسائل الماجستير) في رسائلِهم بصورةٍ علمية صحيحة.

**الكلمات المفتاحية:** الباحث، البحث، رسالة الماجستير، عنصر البحث، الدراسات السابقة.

## The Component of the Literature Review on Masters' Thesis in Kurdish Literature (2020 - 2023)

**Kawa Ali Mardan**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Kawa.mardan@su.edu.krd

**Abstract**

This research is entitled (The Component of the Literature Review on Masters' Thesis in Kurdish Literature (2020 – 2023) in this study on one of the most important and necessary of academic research the consequence of literature review it has been highlighted. Is an attempt to emphasize of the component and highlight it Masters' Thesis in literature; to shed light on to what extent it has been able to be used component is presence in the Masters' thesis and, how the presentation was prepared. Whether the researcher relied on scientific methods and procedures in writing the Literature Review research or only the research received and presented, for this purpose, in this study (analytical - interpretational) methods have been utilized, Based on the established principles of academic research. In the findings of this study of all the Masters' Thesis have been worked on, the component is presence in only seven Masters' Thesis are present and all of the seven Master, has presented only one master's thesis without a title and after previous introduction research the component of literature review research has not been practiced in a scientific in the Masters' Thesis. it generally seems that the academic Masters' Thesis on Kurdish taken methodological procedures in articulating their literature review.

**Keywords:** Researcher, Research, Masters' Thesis, Component of the Literature, Literature Review.